# له ئه‌زه‌له‌وه‌ له‌ بێتاوانی خۆم به‌ گومانم

"دوعام ناگا به‌و ئاسمانه‌ی رۆحی دوعای تیا بوو به‌ خۆر

عیقابی دا تا قیامه‌ت كاتێ نه‌یبرد سوجده‌ بۆ خۆر"

پێكه‌شه‌ به‌ گیانی پاكی (دوعا)

## محه‌مه‌دی مشیر

له‌وه‌ته‌ی (دوعا) تان سه‌نگباران كرد، ئیتر دوعاكانمان به‌ ئاسمان ناگه‌ن، له‌وه‌ته‌ی ماچێكی فریشتانه‌ی دوو عاشقتان تاوانباركرد، هه‌رچی عه‌شقه‌ له‌م ده‌ڤه‌ره‌ سیس و ره‌نگزه‌رد داگه‌ڕاوه‌، له‌وه‌ته‌ی (شه‌ره‌ف) له‌ زه‌ینه‌وه‌ باریكرد و له‌ سێگۆشه‌ی جه‌سته‌كاندا بارگه‌ی دانا.. ئا له‌و كاته‌وه‌ ده‌یكه‌ن به‌ به‌رد و دارده‌ست و دواتریش به‌ (بلۆك) تاكو جه‌سته‌ی (دوعا)كانمانی پێهاڕن، به‌ڵێ نه‌ك هه‌ر ئێستا، به‌ڵكو هه‌ر له‌و كات و له‌ولاترو زۆر زۆر له‌ولاتریشه‌وه‌ له‌ مرۆ بووناتان، له‌ مێژووتان له‌ خۆم و نه‌ته‌وه‌و هه‌ره‌ پشته‌وه‌ی ئه‌م گه‌ردوونه‌ به‌ گومانم..به‌ گومانم.. به‌ گومان ، گومانێك تا ئه‌زه‌ل به‌ دوای دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و (هێزه‌دا) ده‌گه‌ڕێ كه‌ ده‌سته‌كانی فێركرد دوعاكانمان سه‌نگباران كه‌ن ، دڕندانه‌ جه‌سته‌ی پاكی بكه‌نه‌ ئه‌و مه‌زارگه‌یه‌ی هه‌زاران ساڵه‌ له‌وێدا سه‌نگی هه‌موو دونیا به‌سه‌ر رۆحی (پاكترین فریشته‌)دا ده‌بارێ، ئه‌وه‌ چ هێزێكه‌ په‌نجه‌كان فێره‌ سه‌مفۆنیای مه‌رگ و سه‌نگه‌كانیش ئاوێته‌ی هارمۆنیای خوێن ده‌كا.. ئه‌وه‌ چ ته‌لیسمێكی ئه‌فسوناویی ناپاكه‌ چاوه‌كان نامۆ به‌ بینین و كوێچكه‌كان ته‌ریو له‌ نركه‌ و ناڵه‌ی دوعای سه‌رده‌م هاوكات ده‌كا.. ئه‌وه‌ نووسینه‌وه‌ی چ رووداوێكی ترسناكه‌ باری قه‌ڵه‌م شه‌كه‌ت ده‌كاو زمان لاڵ و چاو نابینا و گوێ به‌ داخراوی ده‌هێڵێته‌وه‌.. چی بنووسم كه‌ فریادی دوعا له‌ ئه‌زه‌له‌وه‌ بانگم ده‌كا و له‌و ساته‌وه‌ میوانی هه‌موو خه‌وه‌كانی مێژوومه‌؟... پرسیارێكه‌ و له‌وه‌ته‌ی هه‌م له‌ گه‌لومدا قه‌تیس ماوه‌، رێگه‌م بده‌ن با بپیرسم به‌ڵكه‌ رۆحی دوعا له‌م به‌هه‌شته‌ ئۆقره‌ بگرێ.. نا نا نه‌خێر به‌ گومانم یه‌كێ هه‌بێ له‌ ناوتانا سوجده‌ بۆ (باوك)ی ئه‌زه‌لی خۆی نه‌با..نا نا نه‌خێر به‌ گومانم له‌ ناوتانا یه‌كێ هه‌بێ له‌ مرۆ بوونی خۆی پڕ گومان بێ .. نا نا نه‌خێر بێگومان كه‌ زۆربه‌تان دوعاكانمان به‌ زاده‌ی پشته‌وه‌ی میله‌ی زیندانی په‌راسووه‌كانتن ده‌زانن .. پرسیارێكه‌و له‌وه‌ته‌ی هه‌م له‌ گه‌لومدا قه‌تیس ماوه‌، رێگه‌م بده‌ن با بپیرسم به‌ڵكه‌ رۆحی دوعا له‌م به‌هه‌شته‌ ئۆقره‌ بگرێ .. نا نا نه‌خێر به‌ گومانم و له‌وه‌ته‌ی هه‌م شه‌كه‌ت بووم له‌ پڕ گومانی خۆم و باوه‌ڕ ناكه‌م یه‌كێ هه‌بێ له‌ ناوتانا سوجده‌ بۆ (باوك)ی ئه‌زه‌لی خۆی نه‌با، به‌ڵام و هه‌مدیس به‌ڵام ئه‌و (.......) كه‌ نه‌یبرد له‌و ساته‌وه‌ دڵنیابوو هه‌موو رۆژێ ، هه‌ر ئه‌و (باوكه‌) یه‌كه‌ یه‌كه‌ كچه‌ شۆخ و ناسكه‌كانی له‌ حزوری خوداوه‌ندی شه‌ره‌ف و عارڕا ده‌كاته‌ قوربانی و له‌ جیاتی خه‌نه‌به‌ندان سه‌نگبه‌ندانیان ده‌كا.. ئاخخخخخ هه‌زار و سه‌دان هه‌زار ئاخ... له‌ كوێی ئه‌ی (پاكترین فریشته‌).. له‌ كوێی بگه‌یته‌ فریای دوعاكانمان ، خۆ ئه‌وانیش له‌ نوری پاكی تۆوه‌ كه‌زی زیوینی عه‌شقه‌كانیان ده‌هۆننه‌وه‌، له‌ كانیاوی پڕ تیشكی تۆشدا ئاوی حه‌یاتی ئه‌ڤینداری هه‌ڵده‌نۆشن ... له‌و كاته‌وه‌ هه‌تا ئێستا چاوه‌ڕێتن ..هه‌ر نایه‌وه‌، نه‌ سه‌ده‌یه‌ك نه‌ دوو سه‌ده‌ نه‌..نه‌ .. هه‌ر نایه‌وه‌و هه‌ر نایه‌وه‌.